www.kurdistannet.org
3-6-2007 21:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گەر بڵێم (نا) منیش دەبمە دوعا یە تر ... ئیسماعیل کەریم

ئەڵمانیا
www. ismail-karim. com



هەرچەند لەم دوایەدا تەمەنم ووردە ووردە بەرەو ژور هەڵ دەکشا، ئومێدێکی زۆرم هەبوو، بتوانم لە رێگەی خوێندنەوە، ژیانێکی ئارام وئاسودە بۆ خۆم دروست بکەم، لەسەر خواستی خۆم پەیمانێکی تاسەر لەگەڵ ئەو کوڕەدا بەرمە سەر، کە تازە تۆی ئەوین لەناخی هەردوکماندا چێنرابوو، رۆژ لە دوای رۆژ ئاگری عەشق زیاتر پشکۆی ئەم ئەڤینەمانی دەگەشاندەوە، ئەمە لەو کاتەوەی کە ماڵمان باری کردە شار و لە چاوی سانسۆری گوندەکەمان دەربازم بوو، کە هەموو خزم وکەس و ناسراومان بوو، کە نەک ئافرەت بەڵکو بۆ کوڕە گەنجەکانیش گێڕانەوەی خەونەکان کارێکی سانا نەبوو، چ جای ئەوینێکی ئاشکرا، چونکە ئەوین لە نێو ئەم کۆمەڵگای ئێمەدا سەرەتاکەی مەرگێکی خەتەرناکە دەدرێت بە گوچکەی دڵدا، بە تایبەتی بۆ کچێکی گوند نشینی وەک من، کە لەنێو خانەوادەکەمدا هەرگیز هیچ پرسیارێک ئاراستەی کچ نەکراوە، بەڵکو تەنها وەک ئامێرێک چاو لێکراوە کە هەموو ئەو ئەرکانەی دەدرێتە سەری بێ پرسیار و هیچ بیرکردنەوەیەک جێبەجێی بکات، ئیتر ئەوە بەگرفتی ئەم لە قەڵەم نادرێت، دەرئەنجامی ئەم کارە چیە، بە هێندەی باوک دەچێتە بەر پرسیارێتی ئەم کارە، بەڵام گواستنەوەی ژیانمان لە گوندەوە بۆ شار سەرەتا ئەو تروسکەیە بوو، کە درێژە بە پرۆسەی خوێندنەکەم بدەم و لەوێشەوە بتوانم کەم تا زۆر کاریگەریتی لەسەر هەڵس و کەوتی دایک و باوکیشم دابنێم، بە تایبەتی بۆ ئەو کاتانەی کە بڕیارێکی چارەنوس ساز دەدەن بۆ هەریەک لە ئەندامانی خێزانەکەم، لێرەوە هەموو تواناو وزەم خستە گەڕ بەو هیوایەی وەک مرۆڤ لەنێو خێزاندا مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت و، هەریچ نەبێت لەسەر خواست و ئاواتی خۆمان بتوانین درێژە بە پرۆسەی خوێندن بدەین و دواتریش ئەو کەسەی کە والآم دەرەوەیە بە هەموو پرسیارە خەفەکراوەکانم دڵی خۆمی پێش کەش بکەم بتوانم ژیانێکی تاسەری لەگەڵدا دروست بکەم و حورمەتی مرۆڤ بوونم بۆ بگەڕێنێتەوە، چونکە کچ لەنێو ئەم گۆمەڵگا پیاو سالاریەی ئیمەدا بە هۆی دەیان هۆکارەوە هەر لەسەرەتاوە هەموو بەها بەرزو جوانەکانی لێ وەر دەگرنەوە، تەنها وەک ئامێرێک بۆ هەڵسورانی کارەکانی خێزان و کۆمەڵ بەکار دێت

پاش ئەوەی کە (ش) م ناسی و پەڵە هەوری بارانی خۆشەویستی خۆی باران بەسەر گێڵگەی وشک و تینومدا، تروسکەی ئەو مۆمەی بۆ هەڵکردم کە سالآنیک بوو چاوەڕێی بوو لە شەوانی ئەنگوستە چاوی خێزانەکەمدا، پاش دەست لە نێو دەست کردن و پەیمانی تا هەتای یان بۆ یەک یان بۆ گڵ دا بەیەک.. رۆژانە بەردەوام ئەستێرەی ئەم ئاسمانی ئەوینەمان زیاتر و گەشتر دەبوو، گوڵی باخچەی خۆشەویستیمان بۆن خۆشتر وبەرزە بالآ تر دەبوو، هەتا ئەو کات دلنیای ئارامی خۆی پەخش کرد بە نێو کولآنە باریکەکانی عەشقماندا، ، بەلآم دیارە پیاوی کورد، باوکی کورد بە هێندەی لە کچەکەی دەڕوانێ وەک بەرمیلێ باروت کە هەموو ساتێکی ئەگەری تەقینەوەی هەیە، بە هێندە لە خولیای ئەوە نیە کە کۆمەک و پشتیوانی بێت بۆ دروست کردنی ئایندەیەکی بەختەوەر، دیارە گەر بیرکردنەوە بە ئاراستە یەکەمدا بڕوات، هەمیشە ئەگەری تەقینەوەی لێ چاوەڕی دەکرێت، هەموو تەقینەوەیەکیش گەر بە ئاگر بێت، دەرئەنجامێکی خراپی دەبێت، بە هێندەی ئەگەری هیوا بەخشی لێ بکەوێتەوە، ، هەر ئەم هۆکارە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بوو وای لە باوکم کرد وەک هەموو باوکانی تر یەکەم شت بۆ بەر گرتن لەم تەقینەوە دەرهێنانی من بوو لە قوتابخانە، بۆ ئەوەی گومانی ئەو هەموو ئەگەرە لە دڵی خۆیدا بسڕێتەوە، دیارە لای تۆی خوێنەر ڕوونە تەقینەوەی کچ لای باوک چ مانایەک دەبەخشێت!!!

بۆیە هەر لەو کات هەستم کرد لەیەم هەنگاومدا بۆ ئەم کاروانە دووره کەمن مەبەستمە خۆم و هەموو ئەندامانی خێزانەکەم بۆی بڕۆین شکستی خواردو، ئەمەش بوە هۆی ڕەش بینینم بەرامبەر بە پرۆسەی دووهەمم کە دروست کردنی ژیانێکی لێوان لێو لە ئەوین لەگەڵ (ش) کە خەونی هەردەمم بوو، پاش دەرهێنانم لە قوتابخانە، دەست و دەم کەوتنە بیر کردنەوەی ژیانی هاوسەرایەتی بۆ من، چونکە تەمەنەکەم بەرەو سالانی 16 و 17 دەڕۆیشت، ئەو تەمەنەی کە بۆ باوکی کورد هەستەوەر ترتن و دژوار ترین تەمەنە بۆ کچەکەی، چونکە ئەگەری سەدان شتی هەیە کە بێتە هۆی ماڵوێرانی سەر شۆڕ کردنی بنەماڵە و عەشرەت و هەموو کۆمەڵگا، بۆیە ئیش کردنی باوکم و دایکم تەنها لەسەر ئەو خاڵە بوو کە چۆن بتوانن لە ماوەیەکی کورتدا، تەمی ئەم هەموو ترسە لە ئاسمانی ئەم خێزانەدا بڕەوێننەوە، منیش کە هەستم بەم هەموو هێڵە تۆخانە کرد کە خانەوادەکەم بۆ منیان کێشاوە، دەست و دەم دڵخوازەکەم لەم کارە ئاگادار کردەوە، کە وەک ئەوەی نەم توانی خەونی یەکەمم کە خوێندن بوو بهێنمە دی، ئەوا بەم ئەم هەلەی تر لەدەستم دەرنەچێت و بۆ هەمیشەی گریانێکی نەبڕاوە نەبێتە هاوڕێی هەردەمی دڵم، بەڵام دیارە قەدەری کچ لە نێو ئەم کۆمەڵگا باوک سالارێدا تا جارێ بە کۆشکی ئاواتەکانی دەگات، سەدان و هەزاران چار شوشەی دڵ دەشکێت و هەرچی خەونیان هەیە هەپرون بە هەپرون دەبێت، ، لە پاش ئەوەی کە نزیکەی 10 جار هاتنە داواو و چەندین جار ریش سپی و خەڵک و خوایان کۆکردەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەیەکی شەرعی و بڕیاری باوکیشمی لەسەر بێت من و ئەو پێکەوە ژیانێکی کامەران و ئاسودە دروست بکەین، ، بەڵام بێ سود بوو، بەڵکو باوکم خۆی پێشتر قەراری لەسەر ژیانی داهاتوی من دابوو، چونکە ژیانی داهاتوی من چەند پەیوەست بوو بە منەوە سەد ئەوەندە پەیوەست بوو بە باوکمەوە لە بیر کردنەوەی خۆیدا، بۆیە ئەوەی هیچ نرخ و ئەرزشێکی نەبوو پرس کردن بە من و ڕا و وەر گرتنی من بوو لەم پرۆسەدا، هەتا ئەو کاتەی کە دەنگم هەڵبڕی و بە باوکم وت کە من کوڕێک ترم خۆش دەوێت و حەز دەکەم لەگەڵ ئەودا ژیان دروست بکەم، نەک لەگەڵ کەسێکدا، کە بەهیچ شێوەیەک هیچ کام لە هەستەکانم بۆی ناجوڵێت، بەڵام هیچ کەڵکی نەبوو، ئەوە نەبێت لەسەر ئەم قسەیە لێدانی زۆر خراپم خوارد کە ئەستەمە لە یادی بکەم، دواتریش کە مەلایان هێنا بۆ مارە برینی من، هەردوو دەستی باوکمم ماچ کرد کە ئەم کارە نەکات لەگەڵمدا، بەڵام بێ سود بوو، ، ئەوەبوو خۆی بە وەکیلی من منیان مارە کرد بۆ ئەو کوڕەی کە ئێستەشی لەگەڵدا بێت هیچ هەستیک لەگەڵیدا کۆم ناکاتەوە، ، هەتا ئەو کاتەی خۆم لەگەڵ ئەو کوڕەدا دانیشتم وهانام بۆ هێنا، کە دەست بەرداری ئەم کارە بێت چونکە من کەسێکی ترم خۆش دەوێت و چەند ساڵێکە پەیمانم بە ئەو داوە، ئەمە سەرباری ئەوەی (ف) چەندین جار لە بازاڕ و ڕێگەی قوتابخانە من و (ش) پێکەوە بینیوەو دڵنیا بوو لەوەی کە ئێمە یەکمان خۆش دەوێت، بەڵام وەک هەموو هاناو پاڕانەوەکانم لای باوکم بێ سود بوو، بە هەمان شێوەش لای (ف) بێ سود بوو، تەنها هۆکاریش ئەوەبوو کە (ف) بە جوانی ڕوخساری من سەرسام بوو، ئیتر وردە وردە هەموو دەرگاکان لە ڕومدا داخران و هیچ هیوایەک لەبەردەم خەونەکانمدا نەمایەوە، تەنها یان هەڵبژاردنی مردنیک بە دەستی خۆم، یان وەستانەوە لە بەرامبەر ئەم کارەدا، کە بە دڵنیایەوە ئایندەکەی کوشتنم بوو بۆ لای باوکمەوە، یان قەبوڵ کردنی (ف) بە هاوسەر بۆ هەتا هەتای، دیارە مەرگی خود کارێکی هێندە ئاسان نیە کە مرۆڤ بڕیاری لەسەر بدا، بۆیە لە کۆتایدا تەنها ڕێگەی سیهەم بوو بە نسیبم، هەرچەند شەوی گواستنەوەشم هەتا هەفتەیەک بە هیچ شێوەیەک نەم دەهێشت

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

(ف) بێت بە لامدا پیاوەیتی خۆی دامرکێنێتەوە بەسەرمدا و خوێنی سوری کچێنیشم بۆ سەری بەرزی بنەماڵەکەم بەرێتەوە، هەتا شەوێ لە هۆشی بردم و کاری خۆی جێبەجێ کرد، ئێستەش وا ساڵانێکە پێکەوە دەژین و خاوەن چەند منداڵێکین، بەڵام هەروەک یەکەم ڕۆژی هاوسەرایەتیمان وایە و، هەردووک نامۆ بە شتەکانی یەک و، من هەر بە ئومێدی ئەوەی گەر بۆ ڕۆژیکیش بێت لەم دۆزەخە دەربازم بێت، هەناسەیەکی ئاسودە هەڵمژم، بەڵام ئەوەی کە زۆر دڵنیام ئەو (نا) یە یە کە ئەگەری بە دوعا بونەمە لای بنەماڵەو هاوسەرەکەمەوە

ئەم بەسەر هاتە هەناسەیەکی پڕ لەئاخی شەوێکی ژنێکی هاوڕێم بوو لە م.س.ن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.